# ئايا پاكيەتى ئافرەتان مەرجە بۆ ئيحرام بەستن

# هل يشترط الطهارة للنساء عند الدخول في الإحرام

< كوردي >

دەستەی بەشی زمانی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

فريق القسم الكردي بموقع إسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# ئایا پاكیەتی ئافرەتان مەرجە بۆ ئیحرام بەستن

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس كراوە :

**پرسیار** : هەندێك لە ئافرەتان وا گومان دەبەن كە مەرجە بۆ ئیحرام بەستن پاك و خاوێن بن لە خوێنی سووڕی مانگانە، چونكە هەندێك لە ئافرەتان كە لە سوڕی مانگانەدان لە میقات تێپەڕ دەكەن و نیەتی ئیحرام ناهێنن، پرسیارەكەم ئەمەیە ئایا ئەو ئافرەتەی كە لە سوڕی مانگانەدا بوو دەتوانێت نیەتی ئیحرام بهێنێت و ئیحرام ببەستێت ؟

**وەڵام** : سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنكەوتوانی هەتا هەتایە .

لە ڕاستیدا ئەوەی ئەو ئافرەتانە دەیكەن هەڵەیەكی گەورەیە، كە كاتێك دەكەونە سوڕی مانگانەوە و بە ( میقات ) دا تێپەڕ دەبن و نیەتی ئیحرام ناهێنن و ئیحرام نابەستن، چونكە نە سوڕی مانگانە و نە خوێنی زەیسانی هیچ ڕێگرێك نابن لەوەی ئافرەت ئەگەر هاتوو بە ( میقات ) دا تیپەڕی نیەتی ئیحرام بهێنێت و ئیحرام ببەستێت، چونكە ئەو ئافرەتەی كە دەكەوێتە سوڕی مانگانەوە هەموو ڕوكن وواجباتی حەج یان عومرە ئەنجام دەدات جگە لە طەواف كردن نەبێت، بۆیە طەوافەكەی دوادەخات، كاتێكییش كە پاك بوویەوە لە خوێنی سوڕی مانگانە ئەو كاتە طەوافەكەی دەكات .

بەڵگەش لەسەر ئەم بابەتە ئەو فەرموودەیەیە كە ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی كردووە، لەو چیرۆكەی كە دایكی باوەڕداران عائیشە ( خوای لێ ڕازی بێت ) بەسەر خۆیدا هات، و دەڵێت : " فدخل علي النبي صلى الله عليه وسلم وأنا أبكي فقال ما يبكيك ؟ قلت لوددت والله أني لم أحج العام قال لعلك نفست ؟ قلت نعم قال فإن ذلك شيء كتبه الله على بنات آدم فافعلي ما يفعل الحاج غير أن لا تطوفي بالبيت حتى تطهري " .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) هاتە ژوورەوە بۆ لام و تەماشای كرد من دەگریەم، فەرمووی : ئەوە لەبەر چی دەگریەیت، چی وای لێكردوویت بگریەیت ؟ عائیشە دەڵێت : ووتم حەزم

دەکرد ئەمساڵ حەجم نەکردایە، پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) پێی فەرموو : پێدەچێت کەوتبیتە سوڕی مانگانەوە ؟ عائیشە دەڵێت ووتم : بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا، ئەویش فەرمووی : ئەوە شتێکە خوای گەورە داویەتی بەسەر کچانی ئادەمدا، تۆ هەموو ئەوانەی کە حاجی ئەنجامی دەدات تۆیش ئەنجامی بدە، تەنها ئەوە نەبێت کە طەواف نەکەیت، کاتێکیش کە پاك بوویتەوە طەوافەکەت ئەنجام بدە ..

خوای گەورەش زاناترە ..

IslamHouse.com